# ڕێنوێنی دابینکردنی خانووبەرە بۆ پەنابەران لە سکۆتلەند

## ئازاری پێوەندیدار بە ڕەگەزەوە

بڵاوکی 4 – دیسامبەری 2010

scottish refugee council

Kurdish Sorani

سەرپەنا لە هەر جۆرێک بێت، مافی ئێوە و خێزانەکەتان ئەوەیە کە لە ئاسایشدا و بە بێ ترس لە تۆقاندن یان ئازار بژیین. ئەگەر کەسێک بە هۆی ڕەگەز، ڕەنگ، خزمایەتی یان هاوولاتی بوون، لەگەڵتان بە خراپە هەڵسوکەوت بکات، ئەم نامیلکەیە پێتان دەڵێت کە دەبێت چ دژکردەوەیەکتان هەبێت.

**ئازاری پێوەندیدار بە ڕەگەز چییە؟**

ئازاری پێوەندیدار بە ڕەگەز سەرپێچیەکی شیاوی سزادان لە قەڵەم دراوە و نایاساییە. ئازاری پێوەندیدار بە ڕەگەز واتە ئەوەی کە کەس یان کەسانێکی سەر بە گروپێکی ڕەگەزیی، کەسێکی تر کە سەر بە گروپێکی ڕەگەزیی ترە بخاتە بەر ئازار، زەجر یان هەڕەشە لێکردن.

ئەم ئازارە دەتوانێت بە شێوەی جۆراوجۆر ڕووبدات:

- ئازاری بە قسە، وەکو نازناو بە سەردانان، سووکایەتی کردن یان جووکی ڕەگەزایەتی؛
- زیان دان لە داراییەکان یان خانووی ئێوە؛
- نووسینی ڕەگەزپەرستانەی سەر دیوار؛
- هاوێشتنی زبڵ لە بەرانبەر ماڵی ئێوە یان خستنەناو دەفری زبڵی ئێوە؛
- پەیوەندی تەلەفۆنی، نامە یان ئیمەیلی خراپ؛
- زۆر گوتن، تۆقاندن و هەڕەشە لێکردن؛ یان
- ئازار یان توندوتیژی جەستەیی.

**داخوا بەتەنیا دەبێت ئەم ئاکارانە تەحەمول بکەن؟**

نا. هەر کەسێ مافی ئەوەی هەیە کە لە ئاسایشدا و بە بێ ترس لە هێرش کردنە سەر خۆی، خێزان، داراییەکان و ماڵەکەی بژیێت. ئەگەر کارێک نەکەن، ڕەنگە باروودۆخ خراپتر ببێت؛ کەواتە چاکتر وایە کە زووتر دەست بەکار ببن.

**دەتوانم چ کارێک بکەم؟**

ئێوە نابێت لە بێ دەنگیدا رەنج بکێشن. ئەگەر وادەزانن کە بابەتێک یان کەتنێک هاندەرێتی رەگەزپەرستانەی هەبووە، ئەو کاتە پۆلیس یان دامەزراوەکانی تریش دەبێت کە ئەوەیان قبوول بێت. ئێوە دەتوانن کاری زۆر بکەن و زۆر پشتگیریتان لێ دەکرێت.

- **پەیوەندی کردن بە پۆلیسەوە**

لەوێوە کە ئازاری پێوەندیدار بە رەگەز سەرپێچییەکی شیاوی سزادانە، یەکەمین کارێک کە دەبێت بیکەن، پەیوەندی کردن بە پۆلیسەوەیە کە بتوانێت لەمبارەوە لێکۆڵینەوەی پێوەندیدار بە رووداوی رەگەزپەرستانە جێبەجێ بکات. ئەم کارە نایاساییە و ئەو کەسانەی کە ئەم کارە دەکەن دەکرێت لە رێگای دادگاوە بخرێنە بەر بەدواداچوونی یاسایی. پۆلیس لەمبارەوە بە جید هەڵسوکەوت دەکات، کەواتە پێویست ناکات نیگەران بن.

ئەگەر لە بەر مەترسییەکی دەستبەجێیی دان یان تاوان ئێستاکە خەریکە روودەدات، دەستبەجێ بە پۆلیسەوە بە ژمارەی 999 پەیوەندی بکەن. بەپێچەوانەوە، دەتوانن لە وێستگەی خۆجێیی پۆلیسدا ئامادە بین یان لەگەڵ هەرکام لە فەرمانبەرانی پۆلیس قسە بکەن.

ناوی ئەو فەرمانبەرەی پۆلیس کە لەگەڵیدا قسە دەکەن، یادداشت بکەن؛ ئەوان دەبێت ژمارەیەکی رفرێنسی سەرپێچی پێشکەشی ئێوە بکەن کە ئەم ژمارەیە لە کاتی دووبارە قسەکردن لەگەڵ پۆلیسدا، بەکەڵک دەبێت.

ئەگەر نەدەکرا یان حەزتان لێی نەبوو بە شێوەی راستەوخۆ لەگەڵ پۆلیس قسە بکەن، دەتوانن لە گەلالەیەکی نهێنی کەسی سێهەم بۆ راپۆرت کردن بۆ پۆلیس کەڵک وەرگرن. ئەم گەلاڵەیە ئیمکانی راپۆرت کردنی سەرپێچی بۆ دڵخوازێکی فێرکراوی جێگیر لە دامەزراوەیەکدا وەک ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند، دابین دەکات، (0800 085 6087). ئەوان هەموو وردەکارییەکان تۆمار دەکەن و دەتوانن حەزکردن یان حەز نەکردنی خۆتان بۆ جێبەجێ کردنی لێکۆڵینەوە لەلایەن پۆلیسەوە، رابگەیەنن. دەتوانن زانیاریی پێوەندیدار بە پەیوەندی کردن بە ناوەندەکانی راپۆرتی نزیک بە خۆتان لە ماڵپەڕی پۆلیسی Strathclyde دا بدۆزنەوە:

https://www.strathclyde.police.uk/index.asp?locID=353&docID=-1

- **پەیوەندی کردن بە ئەنجومەنی خۆجێیی خۆتان**

هەموو ئەنجومەنەکانی خۆجێیی بە ئەرکن کە کۆمەڵگای خۆیان لە دەست ئازاری پێوەندیدار بە رەگەز بپارێزن. بۆ نموونە لە گلاسگۆدا، ئێوە دەتوانن بە شێوەی بەخۆڕایی بە هێزی ئەرکداری ئاکاری دژە کۆمەڵایەتی بە ژمارەی **0800 027 3901** پەیوەندی بکەن. دەتوانن زانیاریی پێوەندیدار بە چۆنیەتی راپۆرتی ئازاری رەگەزایەتی یان ئاکاری دژە کۆمەڵایەتی لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی خۆجێیی خۆتاندا بدۆزنەوە.

- **پەیوەندی بکەن بە خاوەنماڵ یان مسۆگەرکاری خانووی خۆتانەوە**

ئەگەر خاوەنی موڵکەکەی ئێوە ئەنجومەن یان یەکیەتی خانووبەرە بێت، دەتوانن ئازاری پێوەندیدار بە رەگەز بەوان رابگەیەنن. ئەوان بۆ راگەیشتن بە وەها ئازارگەلێک لە هەندێ سیاسەت پێڕەوی دەکەن و لەگەڵ ئێوە و پۆلیس لەم پێوەندیەدا هاوکاری دەکەن. ئێوە دەتوانن لەگەڵ ئەوان لە نووسینگەکەیاندا، یان ئەگەر لە مەکۆ یان ئاپارتماندا دەژین، لەگەڵ کێشکچی قسە بکەن.

ئەگەر ئێوە لە شوێنی حەوانەوەی بێ خانووەکاندان، لەگەڵ بەرپرسی بەدواداچونی خانووی خۆتان قسە بکەن.

ئەگەر کەسێ لە کارگێڕەکان دەبێتە هۆی هەندی کێشە، دەتوانن لەگەڵ کەسێکی تردا لە ڕێکخراوەکە کە بڕواپێکراوی ئێوە بێت قسە بکەن یان لە ڕێکخراوەیەک وەک ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند یان کردەوەی کاریگەر بۆ دابین کردنی خانووبەرە ( Action in Housing ) ڕاوێژکاریی بکەن. ئەوان بۆ دروست بڕیاردان یارمەتی ئێوە دەدەن. ژمارە تەلەفۆنی ئەم دامەزراوانە لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا هەیە.

ئەگەر خاوەنماڵی تایبەتی ئێوە ببێتە هۆی ڕوودانی کێشە، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند یان کردەوەی کاریگەر بۆ دابین کردنی خانووبەرە (Action in Housing ) کە بۆ یارمەتیدانی ئێوە ئامادەییان هەیە.

- **تۆمارکردنی ڕووداوەکان**
  - لەوەی کە ڕوویداوە، یادداشت هەڵگرن؛ کاتژمێر، بەروار (ڕێکەوت) و شوێنی ڕووداوەکە یادداشت بکەن
  - یادداشتەکان، نامەکان، دەقەکان یان ئیمەیلە وەرگیراوەکان ڕاگرن
  - لەو سەدەمانەی کە ڕوویانداوە وێنە هەڵگرن
  - لەگەڵ کەسانی تر (بۆ وێنە دراوسێکان یان کرێچییەکان) کە ڕەنگە لە ئاکاری کەسی پەلاماردەر سەدمەو زیانیان لێکەوتبێت، قسە بکەن.

- **وەدەستهێنانی پشتگیری**

ڕێگە مەدەن کە ئازاری پێوەندیدار بە ڕەگەز ئێوە بخاتە پەراوێزەوە و گۆشەگیر بن. حەتمەن کەسانی بڕواپێکراوی خۆتان لەم بابەتە ئاگادار بکەنەوە.

ڕەنگە پێشینەی پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە خۆجێیەکانتان هەبێت، وەکو گەلالە کۆمەڵایەتیەکان، کە بە گەرمی پشتگیری پێشکەشی ئێوە دەکەن. پۆلیس و ئەنجومەنی خۆجێیی ئێوەش دەتوانن پێوەندی ئێوە لەگەڵ دامەزراوەکانی پێشکەشکاری پشتگیری، هەڵکەن. بەتایبەت، ڕەنگە بتانەوێت کە بە پشتگیری لە لێقەوماوان، کە یارمەتی هەستیارانە و بە کردەوەیی پێشکەش دەکەن، قسە بکەن. ئەوان هەروەها ئەگەر بۆ دۆسیەکەی خۆتان سەردانی دادگا بکەن، لە ئێوە پشتگیری دەکەن. دەتوانن بەوانەوە بە ژمارەی 0845 603 9213 پەیوەندی بکەن یان زانیاریی زۆرتر لە ماڵپەڕی پشتگیری لە لێقەوماوانی سکۆتلەند وەرگرن:

http://www.victimsupportsco.org.uk/page/victims.cfm

**لە کوێ دەکرێت زانیاریی زۆرتر وەرگیردرێت؟**

**گرووپی دابین کردنی خانووبەرەی پەنابەران لە ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەندا**

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژکاریی یان دیاری کردنی کاتێکی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەری ڕاویژکاریی، بەم ژمارە تەلەفۆنە بەخۆڕاییەوە پەیوەندی بکەن: 0800 085 6087

**کردەوەی کاریگەر بۆ دابین کردنی خانووبەرە (Positive Action in Housing)**

بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر خزمەتگوزاریەکانی ئەم دامەزراوە، بەم ژمارەوە پەیوەندی بکەن: 0141 353 2220